KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-9-2007 2:04

## مالٌ ئاوا دکتۆرحمدامین خەم خۆرەکەی نەخۆشخانەی شۆرش!! ... سەمەند عەلی

دوایی تێکەڵ بوونەوەی ئیدارەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخۆشخانەکانی شۆرش لە وەزارەتی تەندروستی یەوە خرایە سەر وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە و بەڕێز دکتۆر حمدامین، دکتۆرە چالاکەکەی نەخۆشخانەی شۆرش و خەم خۆرەکەی کەس و کاری شەهیدان، بووە بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشخانەکانی شۆرش.

بەلأم بە داخەوە دکتۆر محەمەد خۆشناو، بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێتەوە بۆ نەخۆشخانەکانی شۆرش و بێتەوە سەرکورسی دەسەلأت، هەر زوو کەوتە پەلە قاژەو دەست ماچ کردنی ئەم و ئەو، بە تایبەت یش دوایی بلاوبونەوی دەنگۆی ئەو هەوالأنەی کە باسیان لە ئاشکرابوونی دەیان وەسلی نەخۆشخانەکانی ی شۆرش ئەکرد، کە ئیمزای بەڕێوەبەری پێشووی نەخۆشخانەکانی شۆرش، دکتۆر محەمەد خۆشناوی لەسەرەو دەیان وەسلی زیاد لە بیست هەزار دۆلاری هەیە کە پارەکەی لە دوو شوێن و سی شوێن وەرگیراوەتەوە، بۆیە بە پەلە دکتۆر محەمەد خۆشناو بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ نەخۆشخانەکانی شۆرش، بۆ ئەوەی ئەو هەموو دزی و گەندەلی و نهێنی ئەو هەموو وەسل و دۆلارو پارە خەیالیەیی کەلەسەر حسابی کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگە بردویەتی، هەروەها دیارنەمانی ئەو هەموو ئامێرو دەرمان و کەل و پەلەی نەخۆشخانەکانی شۆرش پەردە پۆش بکاو وەسلەکان وەك کۆگای دەرمانی سلێمانی زوو بسوتێنی و لە ناویان بەرێت.

بۆیە دوایی بێنە و بەردەیەکی زۆر دوایی ماستاو و تەنازول کردن و ململانی یەکی زۆر و زۆر بە خێرایی بە بڕیاری فەرماندەیی گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخۆشخانەکانی شۆرشی کرد بە دەزگا و بە زۆری زۆردارەکی بی ئەوەی پرس و ڕا بەکەس بکرێت و کەس خۆشناوی قبول بێت، خۆشناو خۆی کرد بە سەرۆکی دەزگا و دووبارە بۆ بردنی سامانی نەخۆشخانەکانی شۆرش هاتەوە گۆڕەپانەکە، ئافەرین بۆ ئەو سلوك و ئەخلاقە تەسلیم بووە سەلیمەی، کە بۆ پارەوکورسی و دەسەلأت خۆشناو هەیەتی، بەڕاستی ئەمە کارێکی فرە ئەستەمە، بە هەموو کەس و پیاوێکی بە ئەخلاق و بە ڕەوشت و بە ویژدان ئەو هەموو تەنازولە ناکرێت.

بە هەرحال، دوایی هاتنەوەی خۆشناو بۆ نەخۆشخانەکانی شۆرش و دوایی ئەوەی وەکو جاران هەموو دەسەلأتێکی گرتەوە دەست و دکتۆروکارمەندانی پشت گوی خست و کۆمەلێك چلکاو خۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە، بۆیە بە ناچاری دکتۆر حمدامین، خەم خۆرەکەی نەخۆشخانەی شۆرش و کەس وکاری شەهیدان و پێشمەرگە، مەردانەوسەربەرزانە دەستی لە کار کێشایەوە و دەرگاو گۆرەپانەکەی بە تەواوی بۆ خۆشناو کردەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی، هەر وەکو جاران هەلماتێنی دزی و گەندەلی خۆی تێدا بکات...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.